www.kurdistannet.org
11-4-2006 2:18 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## وەرزش لەکوردستان کیسەڵ بوو پیریش بوو ... ئاسۆ هەڵەبجەیی



کەسێك بەرەوو شارێك دەچوو لەرێگادا کەسێکی پێ گەشت لێی پرسی ئەرێ کاکە خەڵکی ئەم شارە کەسەکانی چۆنن؟ لەوەڵامداووتی هەموو.... ... دزن!، کەسێکی دیکەی دی پرسی کاکە ئەرێ خەڵکی ئەم شارە چۆن کەسانێکن؟
لەوەڵامدا ووتی هەموو حەزیان لەکۆشکی بەرزە!
کەسێکی دی پێگەشت لێپرسی برام تۆ لەو شارەوە هاتوویت خەڵکەکەی چۆنە؟
ووتی کاکە هەموو کەسانی باش خزمەتکاری ووڵاتن.
ئەم پیاوە زۆر سەرسام بوو.... . پیرێکی پێگەشت لێی پرسی ووتی مامە گیان من بۆ شاردەچم چەند کەسانێکی پێگەشت لێم پرسین بەو شێوەیە وەڵامیان دامەوە! لەوەڵامدا پیرە مام ووتی:
کۆری خۆم ئەوەی ووتی هەموو دزن هاورێ دزانە وەئەوەی ووتی حەزیان لەکۆشو تەلارە ئەوە وەك ئەوان وایە وهاورییانە ئەوەی ووتی هەموو کەسانی باشن خۆی باشە و هاورێیانی کەسانی باشن، لەدوایدا دینەوە سەرئەم باسە... ؟!
هەرکارێك لەسەر ئەساسی فەلسەفەیەك بەرێوە دەچێت وەرزشیش وەك کارێکی گەورەی ڕیشە ئەستوربوولەناو خاکی هەموو نەتەوەکانی جیهان بەپێشکەت و دواکەتووەکانیەوە لەسەر چەندا ن فەلسەفەی جۆراو جۆر بەرێوە دەچێت لەبەرئەوەیە بەم شێوە بەرفراوانیە لەجیهاندا دەبینرێت.
وەرزش گەرتەنها سادەبێت لەگۆشەیەکی تەسکی تۆپانێوە تەماشایی بکەین هەرئەوەندە تێدەگەین کەکاتێك ناوی وەرزشیان هێنا گەمەمان لێدیت بەڵام دەبێت گەمەمان بەئاستی رۆشنبیری خۆمان بێت بەرامبەر بەوەرزش چونکە هیچی لێنازانین وەرزش مەیدانەو شارەزایی و ئازایەتی خۆی دەوێت بتوانیت بەپاکی و ئازایی و جوانی سودمەندو ئاکتڤێکی بەوویژدان خزمەتی تێدا بکەیت، نەوەك تەها بۆ گەشتکردن و بینینی ووڵاتان و ووێنەگرتن بۆسالآنی پیری و لاف و گەزافی داهاتوون لەچاوپێکەتنێکی خۆتانەدا نالێم خۆمانە بلێت چوین و ئەوەمان کردو ئەوەمان بینی بەڵام نالێن بەخوا هیچ فێر نەبووین، بیرەوەرەیەك لەپیریدا خۆش و رێزدارەشایانی ئەوەی هەیە ووێنەکانت نیشان بدەیت و نەوەکانی خۆتی پێگۆش بکەیت ئەگەر پرَبێت لەهەموو شتەجوانەکان نەوەك پرِبیت لە بیرەوەری ئەزموونی بێ سود وە بێ هێنانەکایەوە کاتێك ئێمە دەتوانین لەپیریماندا بەسود بین ئەگەر چەندان کەس وەرزشکاری بەسودمان دروست کردبێت کە قاچ شکاندوون و مڵ شکاندنی کەسانی لێهاتوومان فێر نەکردبێت.
کەسانی لێهاتوو زۆر زوو ملیان دەشکێنرێت چونکە بە هەموو بیرو هۆش و هەستی خەرێك و سەرگەرمی بەدەست هێنانە و چاوەرێ ی دەست خۆشی و ئافەرین و رێزلێنانە نەوەك لەهەموو لایەکەوە لێی بترسن و چەندان کۆسپ و گرفتی بۆ دروست بکرێت تاوەکو لەناکاو دەکەوێتە نا چاڵی ڕەشی دەست ڕەشان و دوژمن بەهەموو پێشکەتن وبەها جوانەکان

كەخزمەت بە كومەڵگا دەكەن ئەوانە نایەوێت لەكۆمەڵگادا كەسانی زیرەك بەدەركەوێت چونكە نەشیاوی خۆیان بەرۆشنی دەبینرێت.

ئەگەربڵێن ئەی ئەگەر لێهاتووە بۆچی وای لێدێت.. دروستە ئەم كەسە لێهاتووە بەڵام لەكارو خزمەتدا نەوەك لەفێڵ و دەست برین و خۆبردنە پێشەوە و ماستاو كردن و بەتۆپەڵێك بروانامە كەبەرێكەوت و رۆژگار بەدەستی هێناوە، بەڵام جێگای دڵخۆشیە ناشیاوان دووژنمی گەورەیان ژیان و چاویان كوێر دەكات و دەست و قاچیان دەشكێنێت فرێیان دەداتە ناو زیڵدانی ژیان و مێژووی وەرزشەوە ووژدانی نەبووی ئەم رۆیان ولەگەڵ ژیاندا یەك دەگرن و دەڵێن پارەو پان كردنەوە ئەوەی نەدەهێنا وەهات كرد لە كۆمەڵ كەئێستا نەفرینت دەكەن و پیش گوێت دەخەن.

زۆر سەیرە هەمووكەس نەفرین لە تیرۆرو تیرۆریست دەكات لەكاتێكا كە ئەوەان دەستەیەك لەكۆمەڵ لەناو دەبەن كەس حەزی هێنانی ناویان ناكات بەڵام كەسانی نەزان وتێرنەخۆرانی پارەو كۆشكی جۆراو جۆرو سەفەری بغدادو دەرەوەی ووڵات كەس ناویان نابات هەموو كۆمەڵگایان تێك داین وەرزشیان بەسەدان ساڵ دواخست نەوەكانمان لەكچ و كوران فێری چەندان بیری و رەفتاری ناشرین كردوون ئەمەیان مەحكوم دەكەم ئەمەیە تیرۆریستی كۆمەڵ و زانست و پێشكەوتن ئەوەیە تیرۆریست كەلەناوجەرگی كۆمەڵ و دەزگاوەو جێگایەنەدان كەنەتەوەی پێوە دەناسرێت چەندان گیروگرفت و نەخۆشیان دروست كردووە هەوەك ڤایرۆسی ئایدز دوا چەندان ساڵێك نیشانەكانی بەدەردەكەوێت وەچەندان كەسی نەشیاو ناپاك ونەزانی لەشوێنی خۆی دروست كردووە كەتەنها مەگەر بەئافاتی نەخۆشی كارەسات لەناو بچن هەروەك نەخۆشیە مۆدرێنەكانی ئەمرۆوەك ئەنفلۆنزای باڵندە ببێتە دێوزمەی گیانیان و ماف سێنەری چەندان كەسی لێهاتووی ماندووبن

بەڵام كاتێك باس لەوەرزش و خزمەت دەكەین تەنها ناوی ئەوان بەدیارە چونكە خۆیان دەزانن كێیان كردووە بەراگەیاندنی وەرزشی لێپرساوانی گەورەش.

لێرەوە دەگەرێنەوە سەرچیرۆكە بچووكە كە ئەگەر ئێستا باس لەوەرزش بكەین چونكە خۆیان هەموو وەك یەك وان خۆیان كاردەكەن و خۆیان ئافەرین خۆشیان دەكەن و هەرخۆشیان ملی هەموان دەشكێنن بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت كەكەسی دڵسۆز لەگۆرەپانی وەرزشیدا نەماوە، نەخێر ئەو رۆشتنە هێواشەش كەئیستا هەیە لەوەرزشدا هەرلەسەر دەستی كەسانی شاراوەی ناو وەرزشن كەوەرزش بەجۆرێك تێكەڵ بەخوێنیان بووە بەبێ وەرزش نایانكرێت ناچارن بەهەرشێوەك بێت بۆ ووژدان و تەندروستی خۆیان وەرزش بكەن، ووتەیەك هەیە دەڵێت: كێ كردی و كێ خواردی. یان گـــــاكردی و.... .... خواردی.... بەڵام خۆزگە هەربیان خواردایە سواری گاكەش نەبوونایە كەبۆی كردن.

بەڵام سەیر لەوەدایە ئیستا دزی وناپاكی بووەتە كاری پیاوان ئەكەر وا نەبێت ناتوایت سنگ دەرپەرێنیت.... ئەوانەی سەفەر دەكەن بۆ دەرەوەی ووڵاتمان ئەوەندەی حەزوو ئارەزوویان لەسەر ئەوەیە كەووێنەبگرن و بگەرێن و دیاری بهێننەوە لەبیریان دەچێت بۆجی رۆشتوون كەگەرانەوە بەكۆمەڵێك نالێم سوودو زانستی نوێ وئەزمەنەوە و بۆ خزمەت بەڵكۆ وەهایان لێدێت چەندان ملی دی بشكێنن بۆ ئەوەی ئەم جارەشیان هەرخۆیان برۆنەوە بۆ ووینەگرتن و رابواردنی خۆیان ئەوەی ئینكاری ئەم راستیە بكات وەڵامی ئەوەیە ئەو هەموو گەشت و ناردنی پسپۆرانە بۆ دەرەوە ئەی لە تازەكاریەك هێنرایە كایەوە وبۆ گۆران نەكراوە لەبواری وەرزشیدا هەروەك ساڵانی كۆنی خۆی بەردەوامە دیارە دان بەشارەزایی ئەواندا نانێت یان ئەوەیە لەزمانیان ناگات چونكە ئەوان زانستیانە قسەیان

لەگەڵ دەکەن، تەنها گۆرانکاریەك بۆ بەهێز کردنی پیلانەکانی خۆیان بۆ زیاتر مانەوەی خۆی ناسین و بەهێکردنی پەیوەندیەکان خۆی بەدەرەوە... هەریەکێکمان دی و بانگی کردین کاتێك گەراوەتەوە لەدەرەوە دوای گەشتەکەی لەبری ئەوەی خولێك وەیان ئامادەیی خۆی دەربرێت بۆ تازەکاری وسنگ فراوانی دەست گرتنی هاوکاراتنی خۆی وفێرکردنیان ئەوزانیاریانەی کەهێناویەتی بۆ جوانی هەڵیگرتووە بۆجوانی چونکە ئەوەندە بەرگەکەی جوانە حەزدەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاست و جوانی پەرتووکخانەکەی کەهەمووی کتێبی نەکراوەیەو بەمەترەکاری کراوە بەڵام دێت باسێ بەرزی کۆشکەکا ن و جوانی ووڵات و کچانی شوێنەکەمان بۆ دەکات... بەڵام یەك شت جێگای دڵ خۆشیە ئەوەیە لەدەرەوەش هاورێ ئەوانەیانی کرددوە کە لەشاری خۆی هەیەتی بەدەستی خاڵی دەگەرێتەوە بۆ ناو ئەو میللەتەی کەتێدا ئەویان بەپیاو زانیوەو ناەردوویانە وەك نوێنەر و پسپۆری خۆیان ناردوویانە فێر بێت ئەی داماو گەلی کۆردمان تاوەکو جاران بوو عەرەبەکانی خوارەوە نەیان دەهێلا بگەین بەپلەیەك لەوەرزشدا ئیستا ئەوەشی دەروات گیانمان بەخوارەوەیە کەدە ست نیشانی دەکەن بۆ بەشداری کردنیان لەپاڵەوانیەتیەکاندا نازانم ئەم جۆرەکەسانە ئایا هەروەك تیرۆرستان تیرۆری هەست و هەوڵ و توانای چەندانی پسپۆری لێهاتوو وەرزشکاریان نەکردووە تیرۆریستێکی ئەوەندە بێ بەزەیی کەئارەقەو هەناسەو هاوار و ماندووبونی چەندەها لێهاتوانی گۆرەپان دەکاتە قوربانی بەرژەوەندیە کەسایەتی یەکانی خۆی و ئارەزووەکانی.
ئایا ئەمەیان جۆرێکی ترسناکتر نیە لەتیرۆر کەهەموو کۆمەڵ بەجارێ تیرۆردەکەن.... . ؟!

ئاسۆ هەڵەبجەیی
مامۆستا لەکۆلێژی پەروەردەی وەرزشی
2006/1/20